# داڕشتن و جۆرەكانی داڕشتن لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆكەوە

**ID No. 3148**

(PP 63 - 79)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.4.5

**سازان رەزا موعین**    **بدرخان سلیمان علی**

بەشی زمانی كوردی - كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

sazan.moen@su.edu.krd    badrkhan.ali@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2019/08/21**

**پەسندكردن : 2020/08/03**

**بڵاوكردنەوە : 2020/11/11**

**پوختە**

داڕشتن و جۆرەكانی داڕشتن لەڕووی شێوەو ناوەڕۆكەوە، ناونیشانی لێكۆڵینەوەكەمانە، ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی جۆر و شێوەكانی دارشتن (نووسراو، زارەكی)و چۆنییەتی ڕێكخستن و هەڵچنینی داڕشتن و شێوازەكانی داڕشتن و چۆنییەتی گوتنەوەیەتی، چونكە داڕشتن بەزانستێكی گرنگ دادەندرێت و گرنگییەكەی وەكو هەموو زانستەكانی ترە و بۆ گەیاندنی زانست و زانیارییەكانیان و پەیوەندیكردنیان بەجەماوەرەوە دەبێت پشت بەبنەما زانستی و هونەرییەكانی ئەم زانستە ببەستن، هەروەها داڕشتن هۆكارو پێویستییەكی گرنگی پەیوەندیكردنە لەنیوان تاكەكانی كۆمەڵگەداو پێویستییەكی تایبەتییە بۆ گوزارشتكردن لەپێویستی و دەربڕینی هەست و سۆز بیرو بۆچونەكانی كەلەناو هزریدا هەیە، زانینی شێوازو ڕێگاكانی هۆكارێكی گرنگە بۆ پڕكردنەوەی پێویستییەكان و جێ بەجێكردنی كارەكان كە ئەمانە هەموویان بەگشتی بۆ هەموو تاكێك گرنگە. بەڵام گرنگییە تایبەتییەكەی بۆ مامۆستایانی زمان و ئەدەبی كوردی و فێرخوازانە، چونكە هەموو لایەنەكانی زمان لێرەدا كۆدەبێتەوە فێربونی نوسین و داڕشتنی سەركەوتوو لەلایەن فێرخوازانەوە، واتە تێگەیشتن لەهەموو بابەتەكانی تری خوێندن. ئەم توێژینەوەیە لەبەشی یەكەمدا چەند بابەتێكی لە خۆگرتووە وەكو زاراوە و چەمك و پێناسەی داڕشتن و ڕەگەز و بنەما سەرەكییەكانی داڕشتن باس كراوە، لەبەشی دووەمیشدا شێواز ەكانی گوتنەوەی بابەتی داڕشتن و ڕێگاكانی گوتنەوەی بابەتی داڕشتن خراوەتە ڕوو. لەبەشی سێیەمدا جۆرەكانی داڕشتن(زارەكی و نووسراو و بنەما و بوارەكان ئامانج لە جۆرەكانی داڕشتن ڕوونكراوەتەوە.

**كلیلە وشە:** داڕشتن، زارەكی، نووسراو، خاڵبەندی، شێواز

## 1. پێشەكی

**1.1 ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە:** ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە ( داڕشتن و جۆرەكانی داڕشتن لەڕووی شێوەو ناوەڕۆكەوە)یە، بابەتی داڕشتن لایەنێكی گرنگی كارامەییەكانی زمانە و هەموو جێبەجێكردنەكانی ئاستەكانی تری زمان واتە پراكتیزە كردنی ئاستەكانی – دەنگ و فۆنیم – وشەو ڕستەو واتا، تادەگاتە پراگماتیك دەگرێتەوە. هەردوو جۆرەكەی داڕشتن (زارەكی و نوسراو) كەلەڕووی شێوەوە جیاكراوەتەوە لەگەڵ جۆرەكانی تری داڕشتن كەلەڕووی ناوەڕۆكەوە جیاكراوەتەوە، نێرەر، فێرخواز یان نوسەر بەزارەكی بێت یان نوسراو ناوەڕۆكی بابەتەكەی لەشێوەی پەیامێكدا دەگەیەنێت، ئەوپەیامەش ئاكامی كۆتایی ئەو بەرهەمە زمانیانەیە كەلەبابەتی زمان و پەروەردەو ئەدەبیاتدا وەریگرتووە. گوێگرتن، خوێندنەوەی دەقەكان، ئەدەبیەكان بێت، یان زانیارییە گشتییەكان فێرخواز فێرە دەستەواژەو گوزارشتەكان دەكات، تێگەیشتن لە پێكهاتە زمانیەكانیش، لە وشەسازی و واتاسازی و ڕێنوس و ....هتد هاوكاری فێرخواز دەكەن كە بەڕاست و دروستی بئاخڤن و ڕستە و پێكهاتەی زمانی دروست پێكبهێنن و دووربن لەهەڵەی ڕێزمانی و واتایی و ڕێنووسی.

**1.2ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:** ڕێبازی وەسفی شیكاری لەم لێكۆلینەوەدا بەكارهاتووە .

**1.3ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە:** لێكۆڵینەوەكە لەسێ بەش پێكهاتووە:

بەشی یەكەم چەند بابەتێك لەخۆدەگرێ، بریتین لە: ( زاراوە – چەمك – پێناسەی داڕشتن - ڕەگەزەكانی داڕشتن – بنەما سەرەكییەكانی داڕشتن. (بەشی دووەم دوو بابەت لەخۆ دەگرێ، بریتین لە: ( شێواز ەكانی گوتنەوەی بابەتی داڕشتن)،(ڕێگاكانی گوتنەوەی بابەتی داڕشتن) لەكۆتاییدا ئەنجام و پێشنیازو كورتەی لێكۆلینەوەكە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان.

**1-4 گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** بابەتی داڕشتن ئێستا لەلایەن زمانەوانی دنیاوە بەزانستێکی گرنگ دادەندرێت و گرنگییەکەی وەکو هەموو زانستەکانی ترە، چونکە هەموو زانستەکانی تر بۆ گەیاندنی زانست و زانیارییەکانیان و پەیوەندیکردنیان بەجەماوەرەوە دەبێت پشت بەبنەما زانستی و هونەرییەکانی ئەم زانستە ببەستن لەگەل ئەوەشدا لەزمانی کوردیدا جیاواز لەهەموو زمانانی دونیادا ئەم زانستە فەرامۆشکراوە، چ لەلایەن پسپۆڕانی بواری زمانەوانییەوە بێت، یان پسپۆڕان بواری پەروەردەو فێرکردن و دەستەی پرۆگرامەکانی ناوەندەکانی خوێندنەوە بێت. لەم ڕووەوە بابەتی زمانەوانانی کورد باس و لێکۆڵینەوەیان لەم بوارەدا زۆر کەمە و بەدوادا چوونیان بۆ نەکردووە، لەبواری پەروەردەو دەستەی پرۆگرامەکانیش ئەم بابەتە وەکو بابەتێکی زێدەکی یان لاوەکی تەماشا دەکرێت، بەوەی کە لەساڵێکی خوێندندا تەنها پشکی ئەم وانەیە لەناو وانەی زمان و ئەدەبی کوردیدا(6) وانەیە بۆ هەروەرزێك یا کۆرسێك ( 3) بابەت دەگوترێتەوە، ئەم ژمارەیەش زۆر کەمە بۆ بابەتێکی گرنگی وەکو داڕشتن، ئەمە سەرباری کەمی زانیاری مامۆستایان لەسەر ئەم بابەتە،وەکو (شێوازەکان – ڕێگاکان – ڕەگەزەکان – جۆرەکان) کە هیچ ئاشنایەتیان لەگەڵیاندا نیە، ئەگەر هەشبێت تەنها یەك یان دوو ڕێگای تەقلیدییەکەفێرخواز لەهەموو ساڵەکانی خوێندندا تەنها ئەو ڕێگەیە دەخرێتە بەردەمی و تیایدا هیچ چالاکییەکی هزری بەکار ناهێندرێت.

**1.5 گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** داڕشتن هۆکارو پێویستییەکی گرنگی پەیوەندیکردنە لەنیوان تاکەکانی کۆمەڵگەداو پێویستییەکی تایبەتیە بۆ گوزارشتکردن لەپێویستی و دەربڕینی هەست و سۆز بیرو بۆچونەکانی کەلەناو هزریدا هەیە، پێویستییەکی گشتییشە بۆ جێبەجێکردنی کارو کردەوەکانی ڕۆژانەی، ئەم دووپێویستیە بەرێگەی زارەکی بێت یان نوسراو بۆمەبەستی – پڕکردنەوەی پێویستی و گۆڕینەوەی بیروڕا، چێژ وەرگرتن، ڕازیکردن، ڕەخنەگرتن، بەراورد کردن، ئاراستەکردنی نامەکانی بۆنەکان، وروژاندن، کڕین و فرۆشتن و فەرمان دەرکردنی دام و دەزگاکان ... هتد. بابەتی داڕشتن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بابەتێکی چالاکەو زانینی شێوازو ڕێگاکانی هۆکارێکی گرنگە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکان و جێ بەجێکردنی کارەکان کە ئەمانە هەموویان بەگشتی بۆ هەموو تاکێك گرنگە. بەڵام گرنگییە تایبەتییەکەی بۆ مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی و فێرخوازانە چونکە هەموو لایەنەکانی زمان لێرەدا کۆدەبێتەوە فێربوونی نوسین و داڕشتنی سەرکەوتوو لەلایەن فێرخوازانەوە واتە تێگەیشتن لەهەموو بابەتەکانی تری خوێندن.

**1.6 کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر پشت بەو سەرچاوانە بەستراوە کەبەزمانی عەرەبی بوون، بەتایبەتی ئەوسەرچاوانەی کەتایبەت بوون بەداڕشتن و ڕێگاکانی گوتنەوەی زمان لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی بابەتەکانی هونەری نوسین لەزمانی کوردیدا.

**1.7 ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانج لەنوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاشناکردنی مامۆستایان و فێرخوازانە بە:

1- بنەماکان و ڕەگەزەکانی نووسینی داڕشتن.

2- جۆرەکانی داڕشتنی زارەکی و نووسراو، کەتا ئێستا هیچ گرنگییەك بەداڕشتنی زارەکی نەدراوە لەخوێندنگاکاندا و مامۆستاکان پەیڕەوی ناکەن.

3- ئاشنا بوونی مامۆستایان و فێرخوازان بەوڕێگایانەی کەخراونەتە ڕوو، بەڕەچاوکردنی ژینگەی قوتابخانەو بەردەست بوونی هۆکارەکان و ژمارەی وانەکانی داڕشتن و قۆناغی خوێندن.

4- پابەندبوون بەڕێنووسی دروست و بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی لەنوسیندا.

## 2. ڕەگەز و بنەماکانی داڕشتن

### 2.1 زاراوەی داڕشتن:

زاراوەی داڕشتن لە کوردیدا، بنەڕەتەکەی لە زاراوەیەکی یۆنانی وەرگیراوە (Componere) ( الیاس انطوان،1983: 156)، بەواتای کۆکراوە یان لێکدان و خستنە پاڵ یەك ( ئەو وشەیەش لەڕووی واتاوە نزیکە لەچەمکی داڕشتن و هەتا ئێستاش هەر ئەو وشەیەیە واتا داڕشتن بەکاردێت وەکو مێژووی گەشەسەندن و گۆڕانی ئەم زاراوەیە تائێستا هەروەکو خۆی ماوە و گەشەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە هەر ئەو زاراوەیە بەکاردێت.

لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (composition) بەرامبەر چەمکی داڕشتن بەکاردێت، کەچەند واتایەکی نزیك لەیەکتر لەخۆدەگرێت وەك (لێکدان، دەربڕین، داڕشتن، نوسین، پێکهاتە، کۆکردنەوە، ڕێکخستن، پۆلکردن، شێوە، وتار، لەخۆگرتن، دانان)(1931: 77 ,Williame).

لەزمانی عەرەبیشدا بەرامبەر زاراوەی دارِشتن، وشەی دەربرِین و دارِشتن واتە ( تعبیر – انشاء )( عوده محمد، 1971: 17)، هەیە كە هەردووكیان یەك چەمك دەگەیەنن كە دارِشتنە، بەڵام لەبەر فراوانی و گشتگیری بابەتەكە هەندێك نوسەر زاراوەی دەربرِین بەكاردێنن كەهەمان چەمكی دارِشتنە.

چەمكی دارِشتن هەموو بابەتێكی گوتراو یان نوسراوە كەبیرێك لەخۆ بگرێت و ئامانجدار بێت و پابەندی یاساو رِێكخستنە زمانییەكان بێت.

**2.2 پێناسەی دارِشتن**

دارِشتن توانای گوزارشتكردنە لەبیرو هزرو سۆزی ئاخێوەر، یان نوسەر و گەیاندنی بەگوێگر یان خوێنەر بەزمانێكی سادەو رِوون( احمد الخولی، 2004: 232).

محمد عبدالقادر سەبارەت بەدارِشتن دەڵی: یەكێكە لەبابەتەكانی پرِۆگرامی خوێندن بەپلانێكی تەواو لەدیمەنە بینراوەكان، پێشینی و وەرگێردراوی دیاریكراوی بیرو هەستەكانە، هەروەها دەڵێت: كۆكراوەو ئەنجامی بیری نوسەر یان ئاخێوەرە لەگوزارشتی بیریی بەپشت بەستن بەبەڵگەو نموونەو دیمەن و كارامەیی و ئەزموونی ژیانی نوسەر (محمد عبدالقادر، 1984: 18).

وێژەناسان و نوسەرانی بواری وێژە بەم شێوەیە پێناسەیان كردووە : زانستێكە توانای نوسین دەردەخات بۆ دەرخستنی واتا بەرِێگای گونجاو، ئەم گونجاندنەش لەنایابی و كاریگەریەكەیدا دەردەكەوێ، ئەمەش بە گونجاندنی دەستەواژەكان دەبێت، كەپێویستە پشت بە بەشێوازێكی بریقەدارو كاریگەرو پابەندبوون بەرِێكخستنێكی پتەو ببەستێ.( عوده محمد، 1971 :14).

كەواتە دارِشتن دەربرِینی مرۆڤە لەناخ و بیری خۆی ، جا چ بەزمانبێت گۆكردن ، یان بەپێنوسەكەی بێت (نوسین) بەوشەی گونجاو لەگەڵ ئەو بیرەی كەهەیەتی بەزمانێكی دروست .

**2.3 رِەگەزەكانی بابەتی دارِشتن:**

رِەگەزەكانی دارِشتن سێ رِەگەزی سەرەكی و یەكگرتوون كەبەرِیزبەندی و بەدوای یەكدا دێن و هەرسێكیان پێكەوە دەقێكی دروست پێكدێنن، لەرِووی پێكهاتەوە ئەمانەن: 1- سەرەتا 2- ناوەند ( ناوەرِۆك) 3- كۆتایی

**2.3.1 سەرەتا**

بەگرنگترین بەشی دارِشتن دادەندرێت، چونكە بابەتی دارِشتنەكە بە چەند رِستەیەكی كورت دەخرێتە رِوو، بیرۆكەیەكمان دەداتێ سەبارەت بەوەی گوێمان لێ دەبێت، یان دەیخوێنینەوە. سەرەتای دارِشتن تاوەكو سەركەوتوبێت دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت .

1- دەبێت سەرەتا، كورت و پوختی بابەتەكەبێت.

2- چەند دێرِێك بێت باشتروایە لە ( 3 – 5 ) دێربێت.

3- باشتروایە سەرەتایەكە سەرنج رِاكیش بێت، دێرِێك لەهۆنراوە یان قسەی نەستەق یان پەندێك لەخۆ بگرێت، یاخود هەست و سۆزی ئاخێوەر یان نوسەری لەگەڵ بێت.

4- وەرگرتنی پێناسەیەكی فەرهەنگی یان بابەتی لەپرِۆگرامەكانی خوێندن و بەهێزكردنی بەشی سەرەتا. (مصطفی محمد،2001 : 9)

5- پێویستە سەرەتا گشتگیربێت، هەموو لایەنەكانی بابەتەكە لەخۆبگرێت.

6- رەچاوی رِێنوس و خاڵبەندی وخەتخۆشی بكرێت.

**2.3.2 ناوەرِۆك**

شرۆڤەكردنی ئەو بیرۆكە كورتانەیە كەلەبەشی سەرەتادا خراونەتەرِوو هەر بیرۆكەیەك لەشێوەی پەرەگرافێكدا دەخرێتەرِوو، پێویستە لەپەرەگرافەكاندا هەموو لایەنەكانی بیرۆكە بخرێتەرِوو گەر كێشەیەك بوو چارەسەرەكەی دیاری بكرێت، یان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی یان نەخۆشی بوو پێویستە هۆكارو چارەسەر باس بكرێت(مصطفی محمد،2001: 9)

پەرەگرافەكان ئەدگاری پەرەپێدانەكانی بیرۆكەكان دەستنیشان دەكەن سەبارەت بەوەی كە لەدارِشتنەكە شێوازی وەسفی رِاپۆرتی رِەخنەیی وەردەگرێت. لەم بەشەدا نوسەر دەبێت هیچ لایەنێكی بابەتەكە لەبیرنەكات،چونكە بیرهاتنەوەو باسكردنی لەبەشی كۆتاییدا دارِشتنەكە دەشێوێنێ و لاوازی و كاڵ و كرچی پێوە دیار دەبێت.

ناوەرِۆكی سەركەوتوو دەبێت پابەندی ئەم مەرجانە بێت:

1- خستنە رِووی بیرۆكەكان یەك لەدوای یەك.

2- دووبارە نەكردنەوەی وشەو دەستەواژەكان چەند جارێك.

3- هەڵبژاردنی دەستەواژەو زاراوەی زمانی ئەدەبی و دوركەوتنەوە لەشێوازی گشتی زمان.

4- پەیڕەوكردنی ڕێزمان و ڕێنووس .

5- پەنا نەبردنە بەر درێژدادڕی بۆ گفتوگۆ لەسەر بیرۆكەكان.

**2.3.3 كۆتایی**

پەرەگرافێكی كورتە لەچەند ڕستەیەك پێك دێت، كەڕستەكان كورتكراوەی ناوەڕۆكەكەن لەشێوەی ئاكامێك، یان ڕایەكی نوسەر یان ئامۆژگاری یان كۆمێنتێك لەنوسەرەوە بۆ خوێنەران، یان لەشێوەی پرسیارێك، یان چەند پرسیارێك بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵرێت. كۆتایی بابەتی داڕشتنی سەركەوتوو دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت:

1- ئاماژە نەكردن بەبیرۆكەو زانیاری نوی.

2- وەبیرهێنانەوەی ئەو بیرۆكانەی كەدەتگەیەنێتە ئامانج، واتە بیرۆكە لاوەكییەكان.

3- كۆتاییەكە ڕستەیەك یان دەستەواژەیەكی ئەرێنی بێت یان پرسیارێك بێت، كە لەمێشكی خوێنەردا بمێنێتەوەو لەلای ببێتە بابەت بۆچارەسەركردن.

4- بەستنەوەی بە ناوەڕۆك و بەشی سەرەتا.

**2.4 بنەما سەرەكیەكانی داڕشتن:**

**2.4.1 بابەت:**

دەستنیشانكردنی بابەتێك بۆئەوەیە ببێتە چوارچێوە بۆ گرتنەبەری ڕێكارەكانی داڕشتن. بابەتیش بریتییە لەخستنەڕووی ناوەڕۆكی ڕوداوێك، دیمەنێكی تراژیدی یان كۆمیدی، دیاردەیەكی جوان، دیاردەیەكی ترسناك... هتد. نووسەر لەهەڵبژاردنی بابەتدا دەبێت شارەزا بێت، ئەم شارەزاییە لەزانیاری و ئەزمون و ژینگە وەردەگرێت و لەنووسینی بابەتدا دەبێت مافی تەواوەتی بدرێتە بابەتەكە و لەلایەن وەرگرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، كەبابەتێكی باش یان لاوازە.

**2.4.2 بیر:**

زنجیرەیەك چالاكی هزری نەبینراوە؛ مێشك لەوكاتانەدا ئەنجامی دەدات كەڕوبەڕووی دیمەنێكی وروژێنەر دەبێتەوەو بەهەستێك یان زیادتر، لەپێنج هەستەكەی وەری دەگرێت بەئامانجی دۆزینەوەی چەمكێك یان شارەزاییەك(فتحی جروان،1999: 29). كەواتە بیر بەرهەمی بیركردنەوەیە لە دەوروبەری مرۆڤ لەشتەكانی ژینگەی مرۆڤایەتی و چارەسەرو پێشبینی و شرۆڤە بۆ واقیع و ڕووداوەكان. بیركردنەوەش گرنگترین سیفات و جیاكاری مرۆڤە لەگیاندارانی تر، تەنها مرۆڤ توانای هێنانەكایەی بیری نوێی هەیەو، پیادەكردنی ئەو بیرانە بۆگوزارشت كردن و دەربڕین. گوزارشتكردنیش پێویستی بەزاراوەو وشە هەیە كەبنەمای هەموو زانیارییە مرۆڤایەتیەكانە و كەرەستەی خستنە ڕووی بابەت و بیر لەڕێگای زمانەوە دەبێت.

**١-٤-٣ شێواز:** لەبەشی دووەمدا پێناسەو جۆرەكانی خراوەتەڕوو.

**١-٤-٤ ڕێگاكان:** هەڵبژاردنی ڕێگایەك بۆخستنەڕووی بابەت و شرۆڤەكردنی ناوەڕۆكی بیر پێویستیەكی بنەڕەتی نوسینی داڕشتنە، ئەمەش بەهەمان شێوە لەبەشی دووەمدا خراوەتەڕوو.

**١-٤-٥ زمان:**

زمانی نوسین و داڕشتن دەبێت ڕاست و سادە و پاراو و یەكگرتووبێت و دووربێت لەزاراوەی ناوچەیی زمانی گشتی ئاخاوتن، زمانیش پشت بەوشەكان دەبەستێ بۆگوزارشتكردن ، هەڵبژاردنی وشەكانیش پشت بەبابەت و بیرو، شێوازو، ڕێگاكان دەبەستی، ئەمە جگەلەوەی كەپشت بەنووسەریش دەبەستێ، هەروەها دەبێ خوێنەریش لەبیرنەكرێت، چونكە ئەوان چینی خوێنەرن و ئامانج لە نووسین خوێنەرە، بۆیە دەبێ نووسەر بزانێت كەنووسینەكەی ئاڕاستەی كام چینی كۆمەڵ دەكات تاوەكو بەو زمانە بیاندوێنی كەئەوان لێی تێدەگەن.

**١-٤-٦ ڕێنووس:**

مەبەست لەڕێنووس ئاخاوتنی ئاخێوەرو نووسینەوەیەتی لەلایەن گوێگرەوە، ئەمەش بەیاسای ڕێنووسكردن دادەنرێت، مەبەست لەم یاسایەش گۆڕینی هێمای دەنگییە بۆهێمای وێنەیی، ئەم هێما وێنەییانەش پیتەكانی زمان پێكدێنن، ئەم پیتانەش بزوێن و نەبزوێنەكانن، چالاكی و كرداری ڕێنووسكردنیش واتە نەخشاندنی ئەو پیتانەیە و لێكدانیان بەپێی یاسای زمان و بەبێ تێكەڵكردن و لەبری یەكتر بەكارهێنان و ڕاست نوسینەوەیان بەبێ هەڵەو بەخەتێكی خۆش و جوان كەلەلای خوێنەر ڕوون بێت و لێكچوون و تێكەڵی لەنێوان پیتەكاندا دروست نەبێت كەئەمەش لەیاسای ڕێنوسكردندا بە ڕێنوس و خەتخۆشی ناودەبرێت.

**١-٤-7 خاڵبەندی:**

خاڵبەندی لەنووسیندا سیستەمێكە پێكهاتوە لەكۆمەڵێك نیشانەو هێمای دیاریكراو، دادەنرێت بۆجیاكردنەوەی وشەو ڕستەو پەڕەگراف، هەروەها بۆ دابەشكردنی تێكستە لەڕووی سینتاكس و واتاوە. (عوده محمد، 1971 :44).
دانانی ئەم نیشانانە پێویستی بەشارەزایی و زانیاری تەواوو دروست هەیە سەبارەت بەزمانەكەو، بەسروشتی نیشانەكان و خاسیەت و ئەرك و ڕۆڵیان لەنوسیندا، هەرلەم بارەیەوە پێویستە ڕۆڵی ئاوازەش بەهەند وەربگیرێت چونكە پەیوەندی بەهێزی بەخاڵبەندییەوە هەیە، لەلایەك یاریدەی ڕاست دانانی نیشانەكانی خاڵبەندی دەدات، لەلایەكی تریشەوە هاوكاری خوێنەر دەكات بۆتێگەیشتن، چونكە ئاوازە جەوهەری ئاخاوتنەو تێكستی بی خاڵبەندیش وەك ئاخاوتنێكی بی ئاوازەیە.(هەمان سەرچاوە: 44)

**نیشانەكانی خاڵبەندی**

1- خاڵ ( . )

واتە كۆتایی هاتنی گوتن دەگەیەنی. لەكۆتایی هەموو ڕستەیەك دادەنرێ، جگە لەڕستەی پرسیار و سەرسوڕمان نەبێت كەمەبەستەكەی دابێت بەدەستەوە، واتە لەڕووی واتاوە ئەو ڕستەیە كۆتایی هاتبێ، هەروەها لەپاش پیتی یەكەم یان پیتی یەكەم و دووەم كەدەكەونە پێش ناوهینانی پلەی زانستی یان نازناو یان بنەماڵە وەكو:

1- سبەی ڕۆژی ئاڵایە.

2- پ . ی . د . محمد معروف فتاح

2- جووت خاڵ (: )

ئەم نیشانەیە لەخاڵبەندیدا بۆ ڕوونكردنەوە و بەهەند وەرگرتنی گوتن دێت لەپاش گووتە یان ناوی ئاخێوەر دادەنرێت.
بەكارهێنانەكانی:

1- لەپێش ئەو گوتنانەی كەوەكو خۆی وەردەگیرێت.

پزیشكەكان دەڵێن: خورما ڕێژەی شەكر لەخوێندا ڕادەگرێت.

2- لەدوای ئەوگوتنانەی كەشرۆڤەی پێویستە، یان بۆ ڕونكردنەوەی دەستوورێك بەكاردێت.

كوردستانی گەورە پێك دێت لە: باكور ــ باشور ــ ڕۆژهەڵات ــ ڕۆژئاوای كوردستان.

3- كۆما (،) فاریزە یان بۆر:

ئەم نیشانەیە بۆ وەستانی كورت بەكاردێت:

1- لەدوای ناوی بانگكراو:

– كوڕینە، بخوێنن.

2- جیاكردنەوەی ڕستەی شوێنكەوتوو لە ڕستەی سەرەكی.

بۆ هەر كارێك چەند پلانێك دادەنرێت، بەڵام یەكێكیان پەسەند دەكرێت.

هەندی جار لەنێوان دوو ڕستەدا ئامرازی لێكدان دانانرێت بەڵام كۆما پێویستە دابنرێ بۆجیاكردنەوەی ڕستەكان، وەكو:

پارساڵ نەك پێشمەرگە، هاوڵاتیانیش لەئامادەباشیدابوون دژی داگیركەر.

3- بۆجیاكردنەوەی پۆلەوشەكان كەجووت جووت بەكارهاتبن، وەكو:

دایكان و باوكان، بەتاڵ و شیرینی، بەبوون و نەبوون، منداڵان پەروەردە دەكەن.

4- جیاكردنەوەی ئەو وشانەی كە ئەندامی هاوچەشنی ڕستەكەن. وەكو:

جێناوە سەربەخۆكان ئەمانەن: (من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان).

5- لەنێوان ڕستەی مەرج و وەڵامی مەرج، وەكو:

- ئاكام ئەگەر بیخوێندایە، ڕۆژی بەم ڕۆژە نەدەبوو.

6- دوای وشەكانی (بەڵێ، نەخێر، نە، نا، ئا،).

7- بۆجیاكردنەوەی جۆری ڕستەكان: ڕستەی ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵكاری، شاڕستەو پاڕستە لەڕستەی تێكەڵدا، بۆ نموونە:

- باوكم ئەو پیاوە پیرەیە، كەهەموو ڕۆژێك دەچێتە سەركار.

3- كۆمەڵە خاڵ (...):

ئەم نیشانەیە ئاماژە بەلابردنی ئاخاوتنە و كورتكردنەوەو، تەواونەكردن دێت .

بەكارهێنانەكانی:

1- لەکۆتایی ڕستەدا لەپاش چەند وشەیەك کەهەموویان نەوتری و تەنها هەندێکیان بۆ ڕوونکردنەوە باس دەکرێت، وەکو: - دەفەرموو دابەزە، تۆمیوانی، هیچ نەبێ ئاوێ، چایێ ..... .

2- هەندی جار ئەم کۆمەڵە خاڵە لەناوەڕاستی ڕستەدا دادەنری، یان بۆ سەرنجی خوێنەرە، یاخود لەدەقێکی وەرگیراودا بەم شێوەیە بووە.

- دواتر وتی:((نەت بردە سەر .... نەتتوانی چاوەڕوانم بکەیت!))(بەهرۆز حەسەن،2016: 118).

4- کۆمای خاڵدار ( ؛ ):

بۆ وەستانی مام ناوەند دادەنرێت، واتە وەستانەکە لەکورت زیاترە، یاخود لەوکاتانەدا دادەنرێت کەنیشانەی خاڵبەندی تر لەڕستەکەدا هەبن. وەکو :

چێڵکی قەش؛

چاوی لەکابان بڕیبوو ...،

بەگریانەوە دەی بۆڕاند؛

خوایە تاڕۆژی مردنم ...،

دەست و پەنجەکانت لەگوانی من نەبێتەوە. ( قوبادی جەلی زاردە، 1998: 177)

دەتوانین بڵێین لەنێوان ئەو گوتانەدا دادەنرێن کەبەهەموویان یەك مەبەست دەدەن بەدەستەوە هەمان مەبەست دەپارێزن، بەڵام بەگشتی لەدەستەواژە و ڕستەکاندا لەکۆما درێژترە وەکو:-

هەوڵ مەدە هەمیشە وشك و فەرمی و شێلگیربیت؛ نەختێك نوکتەبازی و گاڵتەچێتی خراپ نیە؛(بیلال بەسام، 2015 : 364).

5- تەقەڵ ( - ):

لەدانانی نیشانەی تەقەڵدا دەبێ ڕەچاوی ڕێزمانی ڕستەکە بکرێ.

بەکارهێنانەکانی:

1- بۆجیاکردنەوەی ئاخاوتن لەنێوان دووکەسدا لەسەرەتای ئاخاوتنەکانی کەسەکاندا دادەندرێ، وەکو:

_ زۆری ماوە بۆ تاقیکردنەوە؟

_ نەخێر تەنها چەند ڕۆژێکی ماوە.

2- لەنێوان نوسین و ژمارەدا، یان بۆ ژماردنی چەند خاڵێک یان لەنێوان دژو واتاکاندا.

پێویستییەکانی دامەزراندن لەدەزگای حکومی:

- بڕوانامەی دەرچوون .

- ئەزموونی دووساڵ .

3- کاتێ ئەوهات من نەخەوتبووم – بە خەبەربووم.

6- دووکەوانە ( ):

دەکری وشەیەك یان فریزێك یان ڕستەو چەند ڕستەیەك لەنێوان دووکەوانەدا دابنرێ.

بەکارهێنانەکانی:

1 - ناوی تایبەتی کەس، شوێن، نازناو دەخرێتە ناو دووکەوانە (سلێمانی) ، (نالی)، (ئۆڵمان) چەند ناو هەبوو ئەوەندە کەوانە دادەنرێت.

( نالی ) (سالم ) ( کوردی ) سی کوچکەی بابان بوون .

٢- ڕێکەوتی لەدایك بوون – مردن ( 11 / 4 / 2001 )

3- دانانی ئایەت – پەند – فەرموودە – قسەی نەستەق .

7- دوو کەوانەی بچووك (( ))

ئەم نیشانەیە ئاماژە بەبوونی ئاخاوتنی وەرگیراوی بی دەستکاری دەکات، ئەرکی ئەم نیشانەیە خستنە پێش چاو و دەرخستنی بەشێکی تێکست و ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە تاسەرنجی دەقەکە بدات.

بەکارهێنانەکانی :

1- ناوی کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ناوی کۆمەڵە، دەزگا یان وتەیک دەخرێتە ناو ئەم دووکەوانەیە.

- ڕۆمانی ((شاری مۆسیقارە سپییەکان))شاکاری بەختیاری عەلییە.

- ئێمە لەزمانی کوردیدا بەمانگی نیسان دەڵێین(( گوڵان )).
- لەیادت بێت تەنها ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ کارێك، کەناتەوێت ئەنجامی بدەیت ئەمەیە:((دڵم پێوە نییە)) (بیلال باسام، 2015: 346).

8- نیشانەی پرسیارو نیشانەی سەرسوڕمان:

ئەم دوو نیشانەیە لەکۆتایی ڕستەدا بەپێی ناوەڕۆکی واتایی دادەنرێت و جۆری ڕستەکە لەڕووی ڕێزمانەوە دەردەخەن کەجۆری ڕستەکە پرسیار یان سەرسوڕمانە، بۆ نموونە:

- من نەمدەزانی باوکم نەخۆشە!

- کەواتە کەی زانیت باوکت نەخۆشە؟

یان هەندی جار هەردوو نیشانەکە بەیەکەوە دادەنرێ بۆ کۆکردنەوەی چەند واتایەك، بەواتایەکی تر ئەو پرسیارەی کەدەکرێ چ خۆشی یان ناخۆشی یان سەرسوڕمان بێت پرسیار دەکری و وەڵام سەرسوڕمانە، یان بەپێچەوانەوە دەبێت. لەم کاتانەدا هەردوو نیشانەکە لەتەنیشت یەکتر دادەنرێت.

- کەپەیامی بەپەلە لەسەر شاشەی تیڤیەکان دەردەکەوێ، هەموومان دەڵێین (( خوایە خێربێت، دەبێت ئێستا چی ڕابگەیەنن ؟! ))

9- کەوانەی گەورە [ ] :

لەدەستنووسەکاندا بەکاردێت بۆ ئەو وشانەی کەنوسەر دەیەوێت شرۆڤەیان بکات، یان کاتێك نوسەر دەیەوێت وشەیەك یان ڕستەیەك بۆ بابەتی وەرگیراو یان وەرگێڕدراو زیاد بکات.

10- ئەستێرە ( * ) :

بەکاردێت بۆ سەرە بابەتێکی نوی یان بۆ بژاردن، یاخود بۆ ڕونکردنەوە لەپەراوێزدا.

* خوێندن.

* ڕێزگرتن.

11- یەکسانە ( = ) :

بەکاردەهێندرێت بۆ شرۆڤەکردنی ڕستەیەك بەهەمان واتای خۆی ، یاخود بۆ ئەوپیتانەی کەلەناونوسیندا بەکارهێندراوە بۆ یەکسان کردن لەگەل وشەکەی خۆی .

12- خەتی لار ( / ):

بەکاردەهێندرێت بۆ ڕێکەوتەکان، یان برگەکردنی وشەکان.

1- دەنگدان لەهەرێمی کوردستان لەڕێکەوتی ( 30 / 9 / 2018 ) ئەنجام دەدرێت .

2- پێشێلکردن ( پێ / شێل / کر / دن )

**3. شێواز لە داڕشتندا**

شێوازەکانی گوتن و نوسین زۆرو هەمەجۆرن، هەر بۆیە واپێویست دەکات کەدەست نیشانی واتای شێواز بکەین لەداڕشتندا، پاشان سروشتی ئەو شێوازە جیاوازانە بخەینە ڕوو، دەست نیشانی جۆرو ناوەڕۆکەکەی بکەین. شێواز بە گەلێ جۆر پێناسەکراوە لەوانە:

شێواز ئەو ڕێگایەیە کەنووسەر هەڵیدەبژێرێت، تاوەکو بیگونجێنێت لەگەڵ دەستەواژەو واتاکانیدا بەپێی ڕێکخستنێکی گونجاو( عودە محمد، 1971: 49)

کەواتە شێواز کۆمەڵێك یاساوڕێساو چۆنیەتییەکە نووسەر پابەندی دەبێت و جێبەجێی دەکات بەمەبەستی گەیشتن بەئامانج، لەگەڵ کۆمەڵێك جیاکاری کەتایبەتە بەکەسایەتی نووسەرو دەبێتە بەشێك لەجۆری شێوازەکە.

**3.1 شێوازە باوەکانی گوتنەوەی داڕشتن**

**3.1.1 شێوازی وەسفی**

ئەم شێوازە تەکنیکێکی بەکارهاتووە لەنووسین و ئامادەکردنی داڕشتندا، ئەویش بەوەسفکردنی شتە بینراوو هەستەوەرییەکان و دیمەن و ڕووداوو کەسەکان ......هتد.

ئەم شێوازە لەهەردووجۆرەکەی داڕشتندا پشت بە وشە دەبەستێ تاوەکو وێنەی پی بکێشی و وێنەی گوێگر یان خوێنەر ئەوەندە نزیك بکاتەوە، کە وێنەو دیمەنەکان ئامادەبونیان هەبێت.

تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە:

1- وەسفکردنەکەیان ناوەکییە یان دەرەکییە.

2- دەستەواژەکان مەبەستدارو گونجاون.

3- بەکارهێنانی لێکچواندن و نموونەهێنانەوە.

4- وەسفکراوەکان لەژینگەی فێرخوازدا ئامادەبن (عبدالرزاق حمود، 1973: 12).

5- زۆر دەرخستنی سیفاتەکان و زۆر گوتن لەسەریان.

6- دەرخستنی کات و شوێنی شتە وەسفکراوەکان.

7- بەکارهێنانی کارە ڕابردووەکان بۆ وەسفی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوش بۆئاماژە کردن بەچالاکی وجوڵەو بەردەوامی.

8- شێوازەکانی هەڵچوونی پێوە دیارە (سەرسوڕمان – پیا هەڵدان – خۆزگە ).

**3.1.2 شێوازی ڕاپۆرتی**

ئەم جۆرە کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهات دەخاتە ڕوو، کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکترداهەیە.(مصطفى محمود، 2001: 20). ئەم ڕێگایە بەکاردێت بۆ ئامادەکردنی دەقێکی (پەخشان – بەڵگەنامەیی – ژیان نامە – چیرۆك ئاسا) بەئامانجی بەرچاوڕوونکردنی خوێنەر بۆ ئەو ڕوداوانەی کە کاراکتەری دیاریکراو ئەنجامی دەدەن ئەمەش وا لەم جۆرە شێوازە ناکات، کە لەبری هونەری چیرۆك بەکاربێت، بەڵکو بەدواییەکداهاتنی ڕووداوەکان و بەستنەوەی کات و شوێن و دەرئەنجامی بابەتەکەیە. ( محفوظ كحوال، 2007 : 7)

تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوازە:

1-کاتی ڕابردوو باڵ بەسەربابەتەکە دا دەکێشی.

2- زۆری بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەستن و پەیوەندی و خستنەسەر .

3- هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەو کردارانەی کەئاماژە بە جوڵەو گواستنەوە دەدەن.

**3.1.3 شێوازی جەدەلی**

ئەم جۆرە شێوازە لەسەربنچینەی دایەلۆگێکی هزری دروست دەبێت، کە گفتوگۆ لەسەر بیروڕایەك، یان بیرێکی دیاریکراو دەکات. ( مستەفا محمد ، 2001: 23) لەم شێوازەدا تەکنیکی شرۆڤەکردنی بیروڕایەك یان بیرێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، یاخود شرۆڤەی دیاردەیەك دەکرێت بەپشت بەستن بەبەڵگەوسەلماندن بەئامانجی ئامادەکردنی دەقێکی شرۆڤەکراوو پێشکەش کردنی .

تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوازە :

1- بەکارهێنانی زمانێکی بابەتیانە .

2- پێشکەشکردنی نمونەو بەڵگەوڕاستییەکان .

3- وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی / بۆچی ؟ چۆن ؟ ئایا ؟

4- شرۆڤەکان بۆڕوداوێك یان دیاردەیەك یان دەقێك بێت .

5- بەکارهێنانی جێناوەکانی(ئەو – ئەوان)

6- بەکارهێنانی وشەو زاراوەی پسپۆڕی تایبەت بەوبابەتەی کەشرۆڤەی دەکات (فهد خليل، 2006: 67).

**3.1.4 شێوازی چیرۆك ئامێز**

گێڕانەوەی چیرۆکێکی ڕاستیی یان خەیاڵییە. ڕیزکردنی ڕووداوەکان دەبی بەپێی کات بێت ، کاتەکەش باس لەڕابردوو دەکات.

تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوازە :

1- بوونی کەسایەتی سەرەکی و پاڵەوان کەزۆربەی جار بەڕاناوی (من) دەست پێدەکات.

2- چیرۆکێکە، یان ڕوداوێکە یان ئامۆژگارییەك، یان تێبینییەك یان ئەزموونی نوسەرە.

3- بەکارهێنانی کردارەکانی کاتی ڕابردوو.

4- بەکارهێنانی وەسف و هونەرەکانی ڕەوانبێژی .

5- دیاریکردنی ژمارەی کاراکتەرەکان، یان نوسەرە، یان ژمارەیەك کاراکتەر.

**3.1.5 شێوازی بەراوردکاری**

ئەم شێوازە پشت دەبەستێت بەبەراوردکردنی بەدیاردەیەك، کە ڕووی لەیەکچون و جیاوازییەکان دەردەخات لەگەڵ دیاردەیەکی دیکەدا، یان بەراورد لەنێوان کەلتوری دوو وڵات، یان خوێندن لەنێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومییدا دەکا، بەئامانجی دەرخستنی پەیوەندی لێکچون و جیاوازی لەنێوانیاندا.

تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوازە

1- پشت بەستن بەتیۆری بەراوردکردن.

2- دەست نیشانکرنی ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی.

3- دیاریکردنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بابەتەکە.

4- هەبوونی بابەتی بەراوردکردن و دەستنیشانکردنی سنوری بەراوردکردنەکە.

**3.1.6 شێوازی کرداری**

ئەم شێوازە بەوە ناسراوە هاندان و کۆڵنەدان لەڕێگەی بابەتێکەوە دەخاتەڕوو، کە کردار و کۆمەڵە ئەرکێکە لەسەرشانی مرۆڤ، پێویستە بەڕێگایەکی دروست ئەنجامی بدات.

تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە

1- بەکارهێنانی کردارەکانی (پێویستە – دەبێت)

2- بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەکانی(هاندان – کۆڵنەدان – جەخت کردن).

**3.1.7 شێوازی ڕەخنەیی**

ڕەخنەو بڕیاردان لەم شێوازەدا پشت بەشارەزایی دەبەستی لەنموونەو هەڵبژاردنی بابەتدا، هەروەها هێنانەوەی نموونەو بەڵگە بۆچەسپاندنی ڕوداوێك، یان دیاردەیەك لەکاتێکدا کەڕەخنە لەشتێك دەگیرێت پێویستە ڕووی بەهێزیی و لاوازی دەربخەیت، بۆئەمەش دەبێ پشت بەپێوانەی دیاریکراو ببەسترێت، پاشان دەتوانری بڕیار لەسەرئەوبابەتەبدری کە ڕەخنەی لی دەگیرێت.

تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە:

1- بەکارهێنانی وشەودەستەواژەی تایبەت بەکرداری ڕەخنەگرتن.

2- تێکەڵ نەکردنی لایەنی کەسایەتی بەبابەتی ڕەخنەکە.

3- دەستنیشانکردنی مەبەست و ئامانج لەنوسینی ئەوبابەتە کە بەشێوازی ڕەخنەیە.

4- ناونیشانی بابەتەکە زۆر ڕوون بێت و نووسەر شارەزایی باشی لەسەری هەبێت.

**3.1.8 شێوازی نامەئامێز**

بابەتی ئەم شێوازە لەشێوەی نامادەدایە، وەکو بابەتەکانی (پیرۆزبایی – هەواڵ پرسین – سازش هێنانەوە – داوای لی بوردن ... هتد ) کەپێویستە ڕەگەزی نێرەرو وەرگر هەبێت و کۆتاییەکی ڕازاوەی هەبێت، بەخۆشەویستی و ڕێزو برایەتی، پاشان ماڵئاوایی و لەکۆتاییدا ناو و ناونیشانی نێرەرو بەرواری ناردن دادەندرێت.

تایبەتمەندییەکانی:

1- هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی تایبەت بەناوەڕۆکی نامە، وەکو دەستەواژەی (پرسە – گلەیی – داوای لێبوردن و پیرۆزبایی – هەواڵ پێدان).

2- پاراوی و سادەیی لەدەربڕیندا.

3- بەکارنەهێنانی وشەی لێڵ و ناڕوون.

4- پێکانی مەبەست و ئامانج لەناوەڕۆکی نامەکەدا.

**3.2 ڕێگاکانی گوتنەوەی داڕشتن :**

ڕێگاکانی فێرکردن ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەگوتنەوەی بابەتەکانی خوێندندا، چونکە سەرکەوتن لەوانەگوتنەوەدا و گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ دروستی و تۆکمەیی ئەو ڕێگایەی کەبەکارهاتووە لەوانەگوتنەوەدا، (هەرلەبەر ئەمەشە کە ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لەمامۆستاو بابەتەکەش گرنگترە هەرچەندە بابەتەکە زۆر بەهێزو کاریگەربێت و ئاستی زانستی مامۆستاکەش زۆربەرزبێت، گەر ڕێگایەکی گونجاو شان بەشانی بەکارنەهێنرێت ناگاتە ئامانج)( محمد علی ، 2010 : 93 )

گرنگترین ئەو ڕێگایانەش ئەمانەن:

**3.2.1 ڕێگای پرسیار**

ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی کۆنە، تائیستاش زۆر بڵاوە لەناوەندەکانی خوێندندا، لەم ڕێگایەدا مامۆستا نزیکەی (15- 20) پرسیار ئامادە دەکات، زۆربەی فێرخواز بەشداری وەڵامدانەوە دەکەن، مامۆستا ڕاسترین و گونجاوترین وەڵام هەڵدەبژێرێت، بەپێی ڕیزبوونی وەڵامەکان دەبنە دارِشتنێك، بەهەمان شێوە پرسیارەکانی تریش بەم شێوەیە ڕیزدەبن. ئەم ڕێگایە لەلایەن فیرخوازانەوە خوازراوە، چونکە نەرمی تێدایە لەبیرکردنەوەو، بەشداریکردنی بیروڕاو وەرگرتنی بیرۆکەیە لەهاوەڵەکانیان و خستنەکاری چالاکی هزرییە.

**3.2.2 ڕێگای دەق**

لەهەندی لەسەرچاوەکاندا بەڕێگای (پێدانی وانە) ناسراوە( محمد عبدالقادر احمد، 1998: 8).
ئەم ڕێگایە زۆرکۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەبوونی پەرتووکی فێرکاری کاتێك کە گەورەکان و بەتەمەنەکان بەم ڕێگایە زانیاری و ئامۆژگاریان دەگەیاندە فێرخوازان. ئەم ڕێگایەش مامۆستا دەقێك، یان بابەتێك لەهەر بوارێکی زانستدا بێت دەیخوێنیتەوە، پاشان ڕاڤەی دەکات و مەبەستی دەقەکە دەردەخات، دواتر داوا لەفێرخوازان دەکات کەدەقەکە یان بابەتە خوێندراوەکە بگێڕنەوەو، پاش ئەوەی کەزۆربەی فێرخوازان بەشداریان لەم چالاکیەداکرد، مامۆستا داوایان لی دەکات کەئەو بابەتە وەکو دارِشتنێك بنووسنەوە.

**3.2.3 ڕێگای گرفت / ڕێگای گفتوگۆ**

مەبەست لەم ڕێگایە ئەوەیە کەمامۆستاو فێرخواز هەردووکیان لەهەڵوێستێکی پۆزەتیڤدان بەوەی کەبابەتێك لەشێوەی گرفت دەخرێتەڕوو، مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەکات، کەهەموویان بەشداربن لەپێدانی ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو کێشەیە. مامۆستا بیرۆکە باشەکان وەکو چارەسەر وەردەگرێ و داوا لەفێرخوازان دەکات کەڕایەکانی خۆیان لەسەر تەختە بنووسنەوە، بەم کارەش فێرخوازان وردە وردە دەگەنە چارەسەری ئەوگرفتەی کەخراوەتە ڕوو.

**3.2.4 ڕێگای ئازاد**

پێدانی ئازادییە بەفێرخواز لەهەڵبژاردنی بابەت و وشەو دەستەواژە و هەڵبژاردنی بیرۆکەکانی ناو دارِشتنەکەی، و چۆنێتی لێکدانی ئەوبیرۆکانە، ئەم ئازادیەش لەنوسینی بابەتی دارِشتندا ئەوە ناگەیەنی کەفێرخواز گەیشتۆتە قۆناغێك پێویستی بەهاوکاری و ڕێنمایی نییە یان گەیشتۆتە ئاستی داهێنان لەبەکارهێنانی زماندا، بەڵکو ئەم ڕێگایە بەئامانجی داهێنان لەبیرو گوزارشت لەهەست و سۆزیان سەرنج و تێبینی فێرخوازان سەبارەت بەدیمەن و ڕوداوە بینراوەکانە.

**3.2.5 ڕێگای تەواوکردن**

لەم ڕێگایەدا مامۆستا خۆی بابەتێك لەماڵەوە ئامادەدەکات و لەشێوەی چەند ڕستەیەکی تەواو نەکراودا دەیدات بەفێرخوازان کەژمارەیان (20- 30) ڕستەیە ( زبیر عبدالله القصاب، 1975: 34)، بەڵام پێویستە مامۆستا پێش پێدانی ڕستەکان بەفێرخوازان بیرۆکەیەك، یان ناوەڕۆکی بابەتەکە بخاتەڕوو، فێرخوازانیش بە وشەو ڕستەی گونجاو ڕستەکان تەواوبکەن بەمەرجی لەگەڵ مەبەست و ناوەڕۆکی بابەتەکە بگونجێت لەڕووی واتاوە.

**3.2.6 ڕێگای پڕکردنەوەی بۆشایی**

بەهەمان شێوەی ڕێگای تەواوکردن مامۆستا بابەتی دارِشتنەکە لەماڵەوە ئامادەدەکات و لەهەر ڕستەیەکدا یەك یان دوو وشە دەردەهێنی لەشێوەی بۆشایی دەیانخاتە ڕوو پاشان فێرخوازان ئەو بۆشاییانە بە وشەو دەستەواژەی گونجاو پڕدەکەنەوە. مەرجی ئەم کارەش ئەوەیە، کەفێرخوازان دەبێت لەناو پۆل ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن. ئەم ڕێگایە لەقۆناغی (5) بنەڕەتی بەکاردێت چونکە سەرەتای نوسینییانە لەسەر ێنوس و توانای جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتنیان هەیە بەتایبەتی (ناو – کار).

**3.2.7 ڕێگای ڕیزکردن**

لەم ڕێگایەشدا مامۆستا خۆی بابەتی دارِشتن لەماڵەوە ئامادەدەکات ڕستەکان بەتێکەڵی دادەنێت پاشان داوا لەفێرخوازان دەکات کەڕستەکان بەشێوەیەکی لۆجیکی ڕیزبکەن تالەکۆتاییدا دارِشتنێك پێك دەهێنن.

**3.2.8 ڕێگای کەسی (خودی)**

ئەم ڕێگایە تاڕادەیەکی زۆر ئازادی دەربڕینی تێدایە، چونکە فێرخواز سەرپشك دەکرێت، کەخۆی بابەتێك هەڵبژێرێت و لەسەری بدوێ، بەبێ ئەوەی مامۆستا بەشداری لەهیچ لایەنێکی ئەو دارِشتنە بکات، بەڵام بەپێی ئەو شێوازو ڕێنماییانەی کەمامۆستا پێیداون بینوسن. ئەم ڕێگایە زۆر بەکەمی پەیڕەو دەکرێ چونکە بۆ ئاستە بەرزەکانی خوێندنە.

**3.2.9 ڕێگای خەیاڵی**

ئەم ڕێگایەش بۆ ئاستە بەرزەكانی قۆناغەكانی خوێندن بەكاردێت، چونكە لەبیردا داهێنان دەخوازێ و پێویستی بەئەندێشەیەكی قوڵ و ڕیزبەندی و لۆجیكی هەیە، ئەمە سەرباری هەبونی بەهرەو توانای ئەندێشەكردن، وەكو ئەندێشەی ناو چیرۆكە كورتەكان.

**3.2.10 ڕێگای وێنە**

مەبەست لەم ڕێگایە خستنەرووی كۆمەڵێك وێنەیە، كە ڕیزبەندیان تێدایە بۆپێكهێنانی بابەتێك یان چیرۆكێك. ئەم وێنە بەدوایی یەكداهاتووانە یەك بابەت لەخۆدەگرن و لەشێوەی چەند وێنەیەكدا دەخرێنەڕوو. ئەم وێنانە پەیوەندییان بەیەكترەوە هەیە پاش بینینی هەموو وێنەكان و دەرخستنی بیرۆكەو بابەتەكە داوا لە فێرخوازان دەكرێت كە داڕشتنەكەیان بنوسن كە دەبێتە چیرۆكێكی تەواو و بابەتێكی تەواو.

**4. جۆرەكانی داڕشتن**

دابەشكردنی داڕشتن بەسەر جۆرەكانیدا پشت بەچەند پێوەرێكی تایبەت دەبەستێ كەپەیوەستە بەهونەرەكانی زمانەوە، یان هەندێ لەزمانەوانان بەكارامەیی بنەڕەتیی زمان ئاماژەی پێدەكەن، كە لەچوار خاڵدا ئاماژەیان پێكردووە (بیستن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نوسین)(محسن علی 2007: 221).

ئەوەی كەپەیوەستە بەدەربڕینی زمانییەوە وەكو هونەری گوێگرتن و هونەری ئاخاوتن بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پێی دەگوترێ داڕشتنی زارەكی، ئەوەشی پەیوەستە بەنووسین و خوێندنەوەوە پێی دەگوترێ داڕشتنی نووسراو.

ئەم دابەشكردنەش بەپێی پێوەری شێوە دەبێت كەزمانی تیادا دادەتاشرێ، بەڵام لەڕووی مەبەستی بەرهەمهێنانی زمانەوە ئەوا داڕشتن یان ئەركییە یان داهێنەرانەیە، داڕشتن بۆ مەبەستی جێبەجێكردنی ئامانجێكە، یان سودێكە كەئاخێوەر دەیگەیەنێ، ئەمەش دەچێتە ناو چوارچێوەی بەكارهێنانی زمانی ڕۆژانەوە، لەكاتێكدا جۆری دووەم بۆ مەبەستی چێژ وەرگرتن و فەنتازیا دێت لەڕێگای داهێنانی شێوازەكانی زمانییەوە (محسن عطیة 2007 : 277). لەم ڕووەوە داڕشتن بەپێی شێوەكەی دووجۆرە (داڕشتنی زارەكی)، (داڕشتنی نووسراو)، بەپێی ناوەڕۆكێش دوو جۆرە ( داڕشتنی ئەركی، داڕشتنی داهێنەرانە)، داڕشتن لەدەرەوەی ئەو دوو پێوەرە كەمەبەستەكانی دەربڕین و ڕێگاكانی گوتنەوەی داڕشتنە، بەچەندین شێوەی تر دەخرێنە ڕوو وەكو بەكارهێنانی ڕێگای وێنەیی بۆداڕشتنی وێنەیی یان رێگای بەراوردكردن بۆداڕشتنی بەراوردكاری .... هتد.




وێنەی (1- 1) پۆلكردنی داڕشتن (میلود احبادو : 1993- 114)

هەردوو داڕشتنی زارەكی و داڕشتنی نوسراو دەتوانن داڕشتنی داهێنەرانە یان داڕشتنێكی ئەركی لەخۆبگرن بەپێی ئەو مەبەستەی كە بابەت و ناوەڕۆك و شێوازو ڕێگاكە دیاری دەكات.

**4.1 داڕشتنی زارەكی**

توانای دركاندن و بەكارهێنانی دەنگە زمانییەكانە بۆ گواستنەوەی بیروهەست و چەمك و دروستكردنی پەیوەندییە بۆ گەیاندنی پەیامێك لەئاخێوەرەوە بۆ گوێگر لەگەڵ بەكارهێانی ئاماژە و جووڵەكان بۆ ڕوونكردنەوەی واتاكان.

**4.1.1 پێناسەی داڕشتنی زارەكی**

هونەری گواستنەوەی زانست و زانیارییەكان و شارەزایی و ئەزموون و هەست و سۆزو ڕاوبۆچوون وبنەماو ڕاستییەكانە لەكەسێكەوە بۆكەسێكی تر بەڕێگای زارەكی(راتب قاسم، 2009: 110)

**4.1.2 چەمكی داڕشتنی زارەكی**

توانای هەڵێنجان و لێكدان و گونجاندنی واتاكانەو كۆكردنەوەیان لەناو بابەتێكداو گواستنەوەیان لەشێوەی پەیامێكدا لەزاری ئاخێوەرەوە بۆ گوێی گوێگر یان بەرامبەر.

كەواتە دركاندنی دەنگەكان و وەرگرتنی دەنگەكان دوولایەنی گرنگی زمانن بەكارامەییە بنەڕەتییەكانی زمان دادەنرێن، كە بنەمای سەرەكی ئەم جۆرە دارشتنەیە. بێگومان كارامەییە زمانیەكانیش لێك دابڕاونین لەیەكتر، بەڵكو پەیوەندییەكی بەهێزی تەواوكراویان پێكەوە هەیە، لەلایەك دەنگەكان كارامەیی ئاخاوتن و گوێگرتن پێكەوە گرێ دەدات، لەلایەكی تریش هێما وێنەییەكان كارامەیی خوێندنەوە و نووسین پێكەوە گرێ دەدات، ئەمە جگە لەكردەی گوێگرتن كەگەیشتن و وەرگرتن پێكەوە كۆدەكاتەوە، كەواتە كارامەییە زمانییەكان دەچنە ناویەك و یەكتر تەواودەكەن لەكردەی بەكارهێنانی زماندا ئاخاوتن بێت(زارەكی )، یان تۆماركردن بێت (نوسین ).

بنچینەی دارشتنی زارەكی لەبنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ هونەری ئاخاوتن لای منداڵ كەلەتەمەنێكی بچووكدا فێرە ئەم كارامەیی و هونەرە دەبن، بەڵام پێش كردەی گوێگرتن ناكەوێ، چونكە ئاخاوتن ئاكام و كاردانەوەی گوێگرتنە، ئەمە جگەلەوەی ئاخاوتن هەنگاوی یەكەمە بۆفێربوونی خوێندنەوەو نووسین، چونكە منداڵان گەنجینەیەكی باشی وشەو پێكهاتەو بیرو چەمك و واتاكانیان لەلادروست بووە.

كەواتە هەربەرهەمێكی باشی نووسراو ئاكامی ڕاست و ڕەوانییەكی زمانیی لەپشتە، هەربۆیە دارشتنی زارەكی گرنگییەكەی لەدارشتنی نوسراو كەمترنییە، چونكە دارشتنی زارەكی دەستپێك خۆئامادەكردنە بۆ دارشتنی نوسراو، سەركەوتن لەدارشتنی نوسراودا بەدەست نایەت، گەر گرنگی پێویست بەدارشتنی زارەكی نەدرابێت.

**4.1.3 بنەماكانی دارشتنی زارەكی**

1- بنەمای بیری: مەبەست لەبنەمای بیری ئەو كردە زمانی و بیریانەیە كەلەهزری ئاخێوەر دادێت و دەچێت، وەكو بیركردنەوە، هەڵبژاردنی گوتەكان و گەڕانەوەی هێماكان لەبیرەوەری چالاكەوە و پەیوەستكردنی بەهێماكانی ترەوە بۆدروستكردنی بیرۆكەكان و هەڵبژاردنی چەمك و واتاو وشەی گونجاو بۆ ئەو بیرۆكانە (زكریا اسماعیل،1991: 56)

2- بنەمای زمانی: هەموو ئەو وشەو دەستەواژەو ڕستەو شێوازانە دەگرێتەوە كەئاخێوەر گوزارشت لەبیرو چەمكەكانی پی دەكات، كەلە هزریدا هەیە و دەیەوێت بیگەیەنێت بەبەرامبەر.

3- دركاندن (ئاخاوتن ): ئەم كردەیە خۆی لەنمایشی زمانیی دا دەبینێتەوە، یان ئاخاوتن لەهەڵوێستێكی كردەییدا بەپێی ئەو یاسایانەكە بۆئاخاوتن دانراون، ئەمەش دوا قۆناغ و ڕوخساری دەرەكی ئاخاوتنە(دركاندن) (زكریا اسماعیل، 1991 :63).

لێرەوە دەبێت دركاندنەكان ڕوون بن و دووربن لەلێڵی، دروست بن و هیچ هەڵەیەكی تیادا نەبێت، چونكە دارشتنی زارەكی نمایشێكی پەیوەندی پێوەكردن و تێگەیشتن و گەیاندنە، تێگەیشتنی ئەوەی كە ئاخێوەر دەیەوێت گوزارشتی لێبكات، ئەم كردەیەش جێبەجی نابێت ئەگەر گوزارشتەكە ئاشكراو كامڵ نەبێت لەڕووی واتاوە و پابەندنەبێت بەسیستەمی زمان و یاساكانییەوە.

4- ئاماژەو جوڵەكانی لەش: ئەو ئاماژەو جوڵانەی لەشن كەشان بەشانی ئاخاوتن بەكاردێن بۆڕوونكردنەوەی زیاترو جەخت كردن و دروستكردنی كاریگەری لەسەر بینەر یان گوێگر، هەرچەندە پەیوەندی گۆكراو كاردانەوەی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئێرەرو گوێگردا ئەنجام دەدات، بەڵام هەندی جار گومان و ناڕوونی لەلای گوێگر یان بینەر دروست دەبێت، ئاخێوەر پەنا دەباتە بەر شێوازە نەدركاوەكان(ئاماژەكان )بۆئەم مەبەستە، چونكە ئەم شێوازە نەدركاوانە شان بەشانی گوتەكان هەنگاو دەنێن و هاوكاری گوتن دەكەن تاوەكو ڕۆڵی تەواوی خۆیان بگێڕن لەكردەی تێگەیشتن و وەرگرتندا، ئەمەسەرباری ئەوجوڵانەی لەش وەكو شانەكان – سنگ – برۆكان – پێڵووی چاو – لووت ... هتد )(سازان رەزا، 2015: 56).

دەتوانین بڵێین ئاخاوتن بەرجەستەكردنێكی كردەییە یۆئەو بیرۆكە ناواخنكراوانەی لەهزردا هەن، ئەم كردەیەش بەڕێگەی پشت بەستن بەئاماژەكان و جوڵە جیاوازەكانی لەشەوە ئامانجە سەرەكییەكانی دەپێكێت.

**4.1.4 بوارەكانی دارشتنی زارەكی بەگشتی:**

1- گفتوگۆ: ئەو گفتوگۆ ڕێكخراوەیە كەپشت دەبەستی بەگۆڕینەوەی بیروڕاو ڕەخنەی بنیاتنەر لەنێوان مامۆستاو فێرخوازاندا لەكاتی هەڵوێستە زانستییە جیاوازەكاندا بەئامانجی گەشەپێكردنی تواناكانی بیری و گوێگرتن و وەرگرتن لای فێرخوازان.

ئەم بوارەی دارشتنی زارەكی بوارێكی گرنگ و چالاكەو فێرخوازانیش زۆر ئارەزووی دەكەن، چونكە لەقاڵبی ڕۆتینی و بێزاربوون دەردەچن و متمانەیان بەتوانای بەشداریكردن و ئاخاوتن و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوونی خۆیان پتردەبێت و بابەتی گفتوگۆكراو باشتر وەردەگیرێت لای فێرخوازان، ڕووە شاراوەو نەزانراوەكانی بابەت بەڕێگەی گفتوگۆ دەرەوێتەوە، بەڵام پێویستە بابەتی گفتوگۆ لەپرۆگرامی خوێندن و پۆل وەرگیرابێت و مامۆستاش ئامانجی گفتوگۆكەو ڕەگەزە بنەڕەتییەكانی دیاری بكات.

ئەمە سەرباری ئەوەی کەپێویستە مامۆستا خۆی پرسیارەکان دابڕێژێ بەومەرجەی لەگەڵ ڕەگەزەکانی بابەتەکە بگونجی و ستراتیژیەتی گفتوگۆئ امادەبکات، بۆنموونە ستراتیژیەتی (گروپ ) مامۆستا دەتوانی پرسیارەکان لەڕێگای ئەو دیمەنانەوە بهێنێتەوە کە لەسەر تەختە هەڵیدەواسێت واتە پرسیارکردن لەڕێگەی وێنەو دیمەنەوە.( ماهرشعبان، 2018: 91).

2-وتوێژ : یەکێکە لەچالاکیی و کردەکانی هزری و گۆکردن، چەند کەسێك ئەم کردەیە بەئامانجی پێشکەشکردنی ئەوبیرۆکانەی کە لایان پەسەندە، یان هێنانەوەی بەڵگەو نمونە بۆپاڵپشتیکردنی بیرۆکەکانیان بەڕێگایەکی دیموکراتی کەگوێ لەوتووێژی بەرامبەریش بگیرێت و ڕایەکانیان بەهەند وەربگیرێت(زکریااسماعیل،1991 :68).

تاوەکو وتوێژەکان ئامانجداربن دەبێت هەموو بەشداربووەکانی ئەووتوێژە زانیاری تەواویان لەسەر ناوەرۆکی وتوێژەکە هەبێت و هەرلایەنێك بڕوا بەوە بهێنن کە وتوێژکردن ڕای جیاواز و هەندێ جار دژیشی تێدایە، هەربۆیە، پێویستە دووربکەونەوە لەڕەگەزپەرستی و توڕەیی و پابەندبوون بە ئەدەبیاتی گوێگرتن و چاوەڕێکردن.

3- ئاخاوتن: پەیوەندیکردنە لەنێوان کەسەکاندا، شارەزاییەکی کۆمەڵایەتی سادەو ئاسانە لەلایەن تاکەکانەوە چونکە جگە لەزانینی بابەتی ئاخاوتنەکە کەپێویستە بیزانن دەتوانن بەشداری بکەن. کەواتە ئاخاوتن کارامەییەکی زمانییەو بەم ڕێگەیە بیروباوەڕو بیرۆکەو زانست و زانیاری و داواکارییەکان لەڕێگای دەنگەکانەوە دەگوازرێتەوە، چونکە پێکهاتووە لەزمان و دەنگ و بیرو نمایش.

ئەم بوارەی داڕشتنی زارەکی بەشێوەیەکی زۆر دووبارە لەژیانی ڕۆژانەدا ئەنجام دەدرێت، جگەلەوەش گەورەترین چالاکییە کە منداڵ و گەورە وەکو یەکتر بەکاری دەهێنن بۆگەیاندنی داخوازی و پێویستی و بیرەکانیان و جێبەجێکردنیان.

4- گوتار: هونەرێکە لەهونەرەکانی ئاخاوتن لەگەڵ جەماوەردا و ڕاکێشانی سەرنج و تێبینیان بۆگوێگرتن و کاریگەری لەسەریان جۆرەکانی گوتار زۆرن وەکو (گوتاری ئاینی – گوتاری سیاسی – گوتاری کۆمەڵایەتی – گوتاری ئەدەبی )( سالار عوسمان :2009 :84 ) جۆرەکانی گوتاریش جەماوەرو ئامانج و بۆنەکان دیاریان دەکەن.

گوتارو پێشکەشکردن، گفتوگۆ- وتوێژ، وتاری زارەکی، شیکردنەوەی دەقیش ) دەچنە ناو ئەم بوارەوە( رحیم سورخی، 2008 : 75).

گەر ناوەڕۆکی گوتارەکە سیاسی بێت ئەوا لەکۆنگرە سیاسیەکان و چاوپێکەوتە نێودەوڵەتییەکاندا پێشکەش دەکرێت بەهەمان شێوە جۆرەکانی تری گوتاریش بەم شێوەیە.

5-چیرۆك خوێندنەوە: چیرۆك خوێندنەوە ڕۆڵێکی پەروەردەیی گرنگ دەبینێت نەك تەنها لەپرۆسەی فێرکردنی زمان، بەڵکو لە پوختەکردنی هەستەکان و کاراکردن و پاککردنەوەی هەست و سۆزەکانیش ڕۆلی هەیە، چونکە فێرخوازان والێدەکات کەفێری ڕەنگەکان و شێوازەکانی ئەدەبیاتی بەرزبن لەگوزارشتکردن لەبیرو هەستەکانیان بە دەستەواژەی گونجاوو شێوازی ئەدەبیی، ئەمەش دەبێتە گۆڕانێك لەئاست بیرکردنەوەو ئاستی وشەو لێکدانی وشەکان و پێکهێنانی ڕستەی جوان لەوشەو بیرەکانیدا کەواتە چیرۆك بریتییە لە گێڕانەوەی بابەتێکی ڕاستی یان خەیاڵی، کە کۆمەڵێك ڕووداوو کرداری تێدایە و بەئامانجی چێژبەخشین یان گرنگی دان بەبابەتێك، یان ئامۆژگاریکردن یان بۆ بەڕۆشنبیرکردنی گوێگران یان خوێنەران( ماهر شعبان، 2018 :45).

6- چاوپێکەوتنە تایبەتەکان: ئەمەش گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانەی ئاڕاستەکراوە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، فێرخواز دەتوانێ دەرفەتی ئەم چاوپێکەوتنە بەدەست بهێنێت لەکاتی خوێندنیدا، وەکو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە لەکاتی چالاکی وەرزیی و بۆنە نەتەوەییەکاندا کەلەقوتابخانە ئەنجام دەدرێت.

7- بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان (کارگێڕی کۆبوونەوەکان): بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان لایەنێکە لەلایەنەکانی کارامەیی زمانیی و چالاکی کۆمەڵایەتی، کەدەربڕینی زارەکی تیایدا پێویستییەکی گرنگی ئەو چالاکیەیە.

8-سیمینارەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت: ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەگەشەسەندنی لایەنی زمانیی زارەکی لەلای فێرخوازان چونکە وێنەیەکە لەوێنەکانی گفتوگۆی توند پشت دەبەستی بەخستنەڕووی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی و دەرخستنی کەموکوڕی بابەتە زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و .... هتد.

**4.1.5 ئامانج لەداڕشتنی زارەکی:**

- درکاندنی ڕاست بۆ وشەو ڕستەکان.
- زیادکردنی توانای گێڕانەوەی ئەوبابەتانەی کەدەیخوێنیتەوە یان گوێی لی دەبێت یان دەیبینێت بەزمانی تایبەتی خۆی بەشێوەیەکی دروست بەڕەچاوکردنی ڕیزبەندی لۆجیکی.
- مەشق پێکردنی فێرخوازان لەهێنانەوەی نمونەو پەندو بەڵگەو بەکارهێنانیان لەگوزارشت لەڕای خۆیان.
- تێگەیشتنی بەشەکانی ڕستەوجۆرەکانی و توانای لێکدانیان لەکاتی داڕشتنی زارەکیدا.
- بەرزەفتکردنی کرداری بیرکردنەوە و ڕێکخستنەوەی لەڕووی شێوەو ناوەرۆك وشێوازو پێکهاتەوە (زبیر عبداللە، 1975: 81 ).

- گەشەپێکردنی بڕوابوون بەخود لەڕێگای ڕووبەڕوبونەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی لەناوەوەو دەرەوەی قوتابخانە.

- ڕەواندنەوەی ترس و شەرم لەڕووبەڕووبونەوەو گفتوگۆو ئاخاوتن وگوزارشتکردن لەبیروڕاو هەست و وێنەو دیمەن و ڕووداوەکانی دەوروبەری فێرخواز.

- ئاخاوتن هاوکاری مرۆڤ دەکات تاوەکو شوێنێکی کۆمەڵایەتی گونجاوی هەبێت.

- مەشقپێکردنی فێرخواز بۆ تێبینیکردنی شتەکان و پەسەندکردنیان بەوردی (عبدالرزاق حمود،1973: 11).

- گەشەپێکردنی خێرایی لەبیرکردنەوەو شارەزاییە هزرییەکان لەڕێگەی ئەوکردارانەی کەگوزارشتکردن دەگرێتەوە لەگرنگترین ئەو کردارانە، وەبیرهاتنەوە – ئەندێشەکردن - بەواتاکردن – هاوسەنگی کردن – بەستنەوەو – ڕەخنەگرتن و پێدانی ڕای جیاواز.

**4.2 داڕشتنی نووسراو :**

دووەم جۆری داڕشتنە لەڕووی شێوەوە بەردەوامییە بەداڕشتنی زارەکی بەخستنەڕووی بیرو واتاکانی ناخی مرۆڤە بەڕێگەی پێنوس کەواتە داڕشتنی نوسراو، ئاخاوتنی نوسراوە کەلەلایەن نێرەرەوە بەشێوەی نوسراو دەنێردرێت بۆخوێنەر، خوێنەریش بەڕێگەی خوێندنەوە پەیامەکەی وەردەگرێت، واتە گۆڕینی دەنگەزمانیەکانە بۆهێمای دانراو(پیتەکان)(راتب قاسم، 2005: 135 ).

4.2.1 بوارەکانی داڕشتنی نووسراو (بەگشتی )

1- داڕشتنی نووسراو لەڕێگەی وێنەکانەوە ئەم شێوەیەش بەگشتی لەقوتابخانەسەرەتاییەکاندا بەکاردی پاش نمایشکردنی وێنەکان لەسەرتەختە، داوالەفێرخوازان دەکری کەبیرۆکەی وێنەکان بکەنە دەستەواژەو ڕستەو بیاننووسنەوە.

2- وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارانەی کەمامۆستا دەربارەی بابەتێك کەخۆی پێشتر ئامادەی کرووە، تۆمارکردنی وەڵامەکانیان لەناو تێنوسەکانیان بەئامانجی پێکهێنانی ڕستەی گونجاو بەرامبەر بەپرسیارەکان(ماهر شعبان 2010 : 94 ).

3- کورتکردنەوەی چیرۆك و بابەتی خوێندنی ناوپرۆگرامی خوێندن یان تەواوکردنی چیرۆك یان درێژکردنەوەی چیرۆکی کورت یان دانانی چیرۆکی پەروەردەیی ئامانجدار بەمەبەستی زیادکردنی توانای فێرخواز بۆنوسینی داڕشتن.

4- پڕکردنەوەی فۆڕم و نوسینی کارتی بانگهێشتکردن بۆ بۆنە وەرزیی و ساڵانەییەکانی قوتابخانە.

5- ژانرە ئەدەبییەکان – پەخشان – شیعر- چیرۆك – ڕۆمان – وتاری ڕۆژنامەکان.

6- کۆنووسی کۆبوونەوەکان – تۆمارکردنی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکان.

**4.2.2 ئامانج لەداڕشتنی نوسراو :-**

1- بەکارهێنانی زمان بەدروستیی، بەکارهێنانی ڕستەو پێکهاتەکە بە شێوەی دروست و دابەشکردنی بابەت بەسەرچەند پەڕەگرافێکدا و وێناکردنی پیتەکان و پەراوێزەکان .

2- گەشەپێکردنی بەهرەی ئەدەبی و توانای داهێنان لەگوزارشتێکی زمانیدا لەقاڵبێکی ئەدەبیی کاریگەردا.

3- گەشەپێکردنی توانای فێرخوازان تاوەکو بەڕێگەی نوسین گوزارشت بکەن لەڕاو بۆچوونەکانیان بەبەکارهێنانی وشەی گونجاو بەرامبەر بەواتاو سیاقەکان، وشەکان واتایان دیاریکراوبێت، تاوەکو فێرخواز جۆری جیاواز لەڕستەدا دروست بکات بتوانی ئەو ڕستانە دروست بکات کەگوزارشت لەواتاکان بکات و وێنە خوازەییەکان دەربخات کەلەخزمەتی واتادابن .

4- فێربوونی داڕشتنی نوسراو خۆی لەخۆیدا ئامانجە، گەر فێرخواز توانای بەسەر نوسینەکەدا شکا کەوا ئەو نووسینە دەبێت بەهۆکارێك بۆسەلماندنی ئەوەی کەفێرخواز بەتەواوەتی فێرەنووسین بووە ئەمەش وای لێدەکات، کە بتوانی لەبابەتەکانی تری خوێندندا سەربکەوێ.

5- بەخەتێکی ڕاست و ڕوون بنوسی و ڕەچاوی یاساکانی ڕێزمان و ڕێنوس بکات و وێنەی پیتەکان بەڕاستی بکێشی و بابەتەکەی دابەشی پەڕەگراف بکات و خاڵبەندی بەدروستی بەکاربهێنێت.

6- فێرخواز فێرە نوسینی داڕشتنی ئەرکی و بابەتەکانی بکرێت، چونکە لەقۆناغەکانی ژیانیدا توشی ئەو هەڵوێستانە دەبێت کەداوای لی دەکرێت فۆڕمێك پڕبکاتەوە یان ڕاپۆرتێك بنووسی یان نامەی بانگهێشتکردنێك ئاڕاستە بکات کەئەمانەش داڕشتنی ئەرکی بەجێی دەهێنی.

7- فێرخوازە بەهرەمەندەکان لەم بوارەدا دەردەکەون و پێویستە چاودێریی و ڕێنمایی باشتربکرێن بۆگەشەپێکردنی ئەو بەهرانە(محسن علی، 2007: 197).

8- بەهێزکردنی پەیوەندی فێرخواز بەدەوروبەرەوە لەڕێگەی گوزارشتکردن لەخۆی و هەست و پێویستیەکانی و هەلڕەخساندن بۆی، تاوەکو لەپەیوەندی بەردەوامدابی بەجیهانەوە لەڕووی تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی و هەواڵ و سیاسەت و ڕۆشنبیری – کەلتور ... هتد.

**4.2.3 جۆرەکانی داڕشتنی نوسراو**

**4.2.3.1 داڕشتنی ئەرکی**

ئەم داڕشتنە ئەرکێکی تایبەتی لەژیانی تاك و کۆمەڵدا بەجێدەهێنی، چ بەڕێگەی زارەکی بێت یان بەڕێگەی نوسراو(عودە محمد، 1971 : 30 ).

داڕشتنی ئەرکی: هەرنوسراوێك ئەرکێك بەجێبگەیەنێت لەژیانی ڕۆژانەدا بەداڕشتنی ئەرکی دادەنرێت (ماهر شعبان : 2010 : 110 ). کەواتە ئەم جۆرەی داڕشتن تاك پێی هەڵدەستی تاوەکو گوزارشت لەپێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بکات، بواری بەکارهێنانی زۆرە وەکو ئاخاوتن و گفتوگۆی نێوان خەڵك بۆکاری فرۆشتن و کڕین و بەدەست هێنان، یان نوسینی نامە و، پرسگەو، نوسینی فەرمی فەرمانگەکان و نوسینی تێبینی و ڕاپۆرت و یادەوەرییەکان نوسینی ئاگاداری و ڕێنماییە جۆراوجۆرەکان پڕکردنەوەی فورم و یاداشتەکان بۆمەبەستی دیاریکراو.

ئەم داڕشتنە لەناوەڕۆکە ئەرکییەکەی و بابەتەکانیدا دیارە، کەزیاتر دیاریکراوەو کورتترە بۆگەیاندنی بیروزانیارییەکان پەنا دەباتە بەرشێوازەکانی هەڵگرتنی زمانیی وزارەکی تاوەکو زیاتر بیرەکان بگەیەنێت چونکە شێوازی گونجاو هەڵدەبژێرێت.

**4.2.3.2 داڕشتنی داهێنەرانە**

گوزارشتکردنە لەبیرو هەست وشارەزایی و ئەزموونی تاك بەشێوازی تایبەتی و جیاواز لەتاکێکی تر(محمود الحیله، 2008: 67). ئەم شێوازانەش بەزۆری شێوازێکی ئەدەبییە بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەسەردەروونی گوێگران و خوێنەران بەو ڕادەیەی کەڕێژەی هەڵچوونەکانیان بگاتە ئاستی هەڵچوونی خاوەن گوتنەکە یان نووسینەکە. هەربۆیە ئەم جۆرەی داڕشتن پێویستی بەدەرخستنی هەست و سۆزی نوسەرو جوانی دەربڕین لەزماندا و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و هەڵبژاردنی شێوازو پێکهاتەی کاریگەر هەیە لەوشەو دەستەواژەکاندا. دەرخستنی هەست و سۆزی نوسەرو جوانی دەربڕین لەکارە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت وەکو چیرۆك – ڕۆمان – هۆنراوە- نوسینەوەی یادەوەری – وتار... هتد)

مامۆستایان تاوەکو بتوانن بەهرەی گوزارشتکردن لای فێرخوازان گەشەپێدەن پێویستە ڕێنماییەکانی نوسینی ئەم جۆرەی داڕشتنیان فێربکەن لەوانە:

1- ڕاهێنانی فێرخوازان بۆ نووسین بەزمانی ئەدەبیی یەکگرتوو.

2- مەشق پێکردنی فێرخوازان لەسەر وردی کەگرنگترین تایبەتمەندی ئەم جۆرەیە.

3- فێرخوازان فێرە شێوازی سەرنج ڕاکێشان بکرێن لەنوسین و هەڵبژاردنی وشەو واتاکاندا.

4- ڕەگەزەکانی نووسینی بابەتی داڕشتن ڕەچاوبکرێت کە (سەرەتا – ناوەڕۆك – کۆتایی )یە.

5- بەکارهێنانی وێنە خوازەییەکان و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی.

6- پابەندبوونی فێرخوازان بەڕێنوس و خاڵبەندییەوە.

**5. ئەنجام:**

1. بابەتی داڕشتن وەک هەموو زانستەکانی تر بۆ گەیاندنی زانست و زانیارییەکانیان و پەیوەندیکردنیان بەجەماوەرەوە پشت بە بنەمای زانستی و هونەریی دەبەستێ و پابەندی یاساو ڕێکخستنە زمانییەکان دەبێ.
2. داڕشتن هەموو بابەتێکی گوتراو یان نوسراو دەگرێتەوە، هۆکارو پێویستییەکی گرنگی پەیوەندیکردنە لەنیوان تاکەکانی کۆمەڵگەداو پێویستییەکی تایبەتییە بۆ گوزارشتکردن لەپێویستی و دەربڕینی هەست و سۆز بیرو بۆچونەکانی کەلەناو هزریدا هەیە.
3. گرنگییەکی تایبەتی بۆ مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی و فێرخوازان هەیە، چونکە هەموو لایەنەکانی زمان لێرەدا کۆدەبێتەوە فێربوونی نوسین و داڕشتنی سەرکەوتوو لەلایەن فێرخوازانەوە واتە تێگەیشتن لەهەموو بابەتەکانی تری خوێندن.
4. لە گوتنەوەی ئەم بابەتە لە ناوەندەکانی خوێندندا، شێوازو ڕێگاکانی گوتنەوەی تایبەت هەن کە پێویستە لەلایەن مامۆستیانەوە رەچاو بکرێ.
5. پێویستە لە نووسینی داڕشتندا پابەندبین بەڕێنووسی دروست و بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی.

6. دارِشتن سێ ڕەگەزی سەرەکی و یەکگرتوو  لە خۆ دەگرێ، کەبەڕیزبەندی و بەدوای یەکدا دێن و هەرسێکیان پێکەوە دەقێکی دروست پێکدێنن، لەڕووی پێکهاتەوە کە ئەمانیش( سەرەتا، ناوەرۆك، کۆتایی)ن
7. دابەشکردنی دارِشتن بەسەر جۆرەکانیدا پشت بەچەند پێوەرێکی تایبەت دەبەستێ کەپەیوەستە بەهونەرەکانی زمانەوە، یان هەندێ لەزمانەوانان بەکارامەیی بنەڕەتیی زمان ئاماژەی پێدەکەن، کە  بریتین لە (بیستن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نوسین)
8. دارِشتنی زارەکی توانای درکاندن و بەکارهێنانی دەنگە زمانییەکانە بۆ گواستنەوەی بیروهەست و چەمك و دروستکردنی پەیوەندییە بۆ گەیاندنی پەیامێك لەئاخێوەرەوە بۆ گوێگر لەگەڵ بەکارهێانی ئاماژە و جووڵەکان بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکان.
9. **دارِشتنی نووسراو** دووەم جۆری دارِشتنە لەڕووی شێوەوە بەردەوامییە بەدارِشتنی زارەکی بەخستنەڕووی بیرو واتاکانی ناخی مرۆڤە بەڕێگەی پێنوس.
10. جۆرێکی دیکەی دارِشتن،دارِشتنی داهێنەرانەیە، کە گوزارشتکردنە لەبیرو هەست وشارەزایی و ئەزموونی تاك بەشێوازی تایبەتی و جیاواز لەتاکێکی تر. ئەم شێوازانەش بەزۆری شێوازێکی ئەدەبییە بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەسەردەروونی گوێگران و خوێنەران.

### 6. پێشنیاز

پێشنیاز دەکەین لێژنەیەکی پسپۆڕیی هاوبەش لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردەی هەرێم دابمەزرێت، بۆدانانی پرۆگرامێکی تایبەت بەبابەتی دارِشتن لەقۆناغەکانی خوێندندا، بەمەرجێك هەوڵی تەواو بدات لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامە زانستیانەی توێژینەوەکەدا چوارچێوە بۆ ئەو پرۆگرامە دابنێن

### 7. لیستی سەرچاوەکان:


**یەکەم: بەزمانی کوردی**

1. بەختیار عەلی( 2015 )، مەرگی تاقانەی دووەم، ڕۆمان ، چاپخانەی تاران، چ6، سلێمانی.
2. رحیم سورخی( 2008 )، برۆسەی پەیوەندی جەماوەری  زمان، مۆدێل، ڕێبازی توێژینەوە، چاپخانەی دهۆك، دهۆك،
3. سازان رەزا معین(2015)، زمانی ئاماژە لەچوارچێوەی زمانەوانی کوردیدا (زمانی نابیستان وەك نموونە)، نامەی دکتورا، سکۆلا ئادابی، زانکۆیا دهۆکێ.
4. سالار عوسمان(٢٠٠٩) وتاریناسی، چ1، دار المعرفه، بیروت.
5. قوبادی جەلی زادە( 1998) قوبادی جەلی زادە، دیوانی شعر، چاپخانەو ئۆفیسی داناس، چ1، سلێمانی.
6. محمود نامەنی( 2015 )، تکایە مەبنە مەڕ، وەرگێڕانی، بیلال باسام، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، چ2، هەولێر.
7. مستەفا محمد زەنگەنە، اسماعیل احمد فەهمی قەرەداغی ( 2001 )شێوازو ڕێگاکانی وتنەوەی دارِشتن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.
8. یۆستاین گاردەر(2016)، کچەی پرتەقاڵ، وەرگێڕانی بەهرۆز حەسەن، ڕۆمان، چاپخانەی تاران، چ6، سلێمانی،

**دووەم: بەزمانی عەرەبی**

1. الياس انطوان، ادوارد الياس(1983) قاموس الياس العصرى، انگليزى ـ عربى، دار الجيل، بيروت.
2. راتب قاسم عاشور، محمد فخريالمقدادى (2005)المهارات القرائية والكتابية، طرائق تدريسها و استراتجياتيه، دارالمسيرة للنشر والتوزيع، ط2، عمان،الاردن.
3. زبير عبدالله القصاب(1975)نهضة فن الانشاء، ط1، مطبعة نجف الاشرف.
4. زكريا اسماعيل(1991) طرق تدريس اللغه العربية، دار المعرفةالجامعية،الاسكندرية.
5. سعاد الدليمى، طه على الوائلى(2003)، اللغة العربية مناهجهاوطرق تدريسها، دارالشروق للنشر والتوزيع، عمان.
6. سعدون الشمرى، هدى محمود الساموك( 2005 ) مناهج اللغة العربية وطرق تدريسه، دار وائل للنشر والتوزيع،  ط1،بيروت.
7. عبدالرزاق حمود(1973) كيف تنجح فى الانشاء العربى، مطبعة المفيدالجديدة، ط3، سوريا.
8. عوده محمد عطية(1971)التعبير فنه واصوله:مطبعة الاداب فى النجف الاشرف، ط1،النجف.
9. فتحى عبدالرحمن جروان(1991) تعليم الفكر مفاهيم و تطبيقات، دارالكتاب الجامعي، ط1، الامارات العربية المتحدة.
10. فهد خليل زاهد(2003) اساليب تدريس اللغةالعربية بين المهارة والصحوية، دار يازورى للنشر والتوزيع.ط1، عمان، الاردن.
11. ماهر شعبان عبدالبارى(2014)الكتابة الوڤيفية والابداعية،المجالات والمهارات الانشطة، التقويم، دار المسيرة للنشر والتوزيع، ط1، عمان، الاردن.
12. محسن علي عطية (2007) تدريس اللغة العربية فى ضوء الكفايات الادائية، دار المناهج ط1، الاردن، عمان.
13. محفوظ كحوال (2007)انماط النصوص، دار نوميديا للطابعة والنشر، ط3، جزائر.
14. محمد على كامل ( 2010 ) تطوير منهج اللغة العربية وتطبيقيه على مهارة الكتابة، دار الكتب العلمية، ط2، بيروت.

15. محمود الحلية (2008) فن التعبيرالابداعي، دار المسيرة للنشروالتوزيع، عمان، الاردن.
16. ميلوداحبادو(1993) سبل و تطوير المناهج التعليمية، المغرب، دارالشروق للنشر و التوزيع.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی**

- Messnger, William E. (1931), Essential of – writing prated and bound in canada by T.H.

**الانشاء و انواع الانشاء من حيث الشكل والمضمون**

**سازان رضا معين** **بدرخان سليمان علي**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية التربية الاساس- قسم اللغة الكوردية

**ملخص**

عنوان البحث هو (الانشاء و انواع الانشاء من حيث الشكل والمضمون) ، و الهدف من هذا البحث هو عرض نوع و اشكال الانشاء (كتابيا و شفهيا) و كيفية التنظيم و كتابة التعبير و الانشاء الكتابي و اساليب الانشاء و كيفية تدريس تلك المادة، لاعتبار الانشاء مادة علمية ولها اهمية كبيرة مثل باقي العلوم الاخرى، و يعتمد كافة العلوم على الاسس العلمية والفنية لتلك العلم في توصيل العلم الى المجتمع. وكذلك الانشاء تعتبر وسيلة و حاجة مهمة لعملية التواصل بين الافراد المجتمع، و ضرورية لاعلان عن احتياجاتهم و تعبير عن اراءهم الموجودة في ذاكرتهم. تعلم و معرفة الاساليب و طرق الانشاء عامل مؤثر في سد الحوائج و تنفيذ الاعمال، كل ذلك ذو اهمية على مستوى الفرد، و له اهمية خاصة للمختصين في مجال الدراسة، وبالاخص مدرسي مادة اللغة والادب الكوردي في المدارس، وذلك بسبب تجمع جميع النواحي اللغوية في هذه النقطة. ان تعليم الطلبة الطرق الصحيحة لكتابة الانشاء، تعني نجاح عملية التدريس، و مفهومية كاملة لديهم لباقي المواد الدراسية، و هذا البحث تضم عدة مواضيع كالمصطلح و تعريف و مفهوم الانشاء في الفصل الاول و تم توضيح عناصر و اسس رئيسية للانشاء، اما في الفصل الثاني تم عرضا مفصلا لاساليب تدريس تلك المادة و طرق تدريسها، وفي الفصل الثالث تم التطرق الى انواع الانشاء الشفهي والكتابي، و ايضا تم شرح الاسس والمجالات والاهداف من انواع الانشاء، وفي الختام تم عرض اهم النتائج التي تم الحصول عليها في البحث.

**الكلمات الدالة:** الانشاء، شفهي، مكتوب، علامات الترقيم، الاسلوب.

**Composition and the types of composition in terms of form and content**

**Sazan Raza Moen** **Badrkhan Sulaiman Ali**
Department of Kurdish Language - College of Basic Education / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

This research is entitled "Composition and the types of composition in terms of form and content" which aimed to present the types and forms of composition, including writing and orally, as well as, to organize write expression, composition of the writing, methods of composition and the way of teaching. This is due to its scientific as like as other sciences, which is should depend on this subject for delivering their thought into society. Composition is considered as an important need within communication process in society, in terms of express their views, feelings, and opinions. For this reason, knowing the methods and styles of composition is an effective factor for everyone for passing his\her issue wherever. In other side, composition most important for linguistic teachers in regarding to study and research, especially in the field of Kurdish language and literature studies. In regarding to students, it is also important to them as key for learning and getting knowledge and taught of all subjects.

This study followed several parts and topics. The first part tries to define and explain the notion and concept of composition, elements, and basis of the main construction, In the second chapter the methods of teaching in relation to teach this subject and its different styles will be showed. The third chapter is about types of composition including writing and orally, which addressed in detail, and the structure and aspects of this subject indicates with showing the goals of composition types, and in conclusion the most important results were presented in the research.

**Keywords:** Composition, verbal, written, style, punctuation.